# بوومەلەرزە

اميرة اسماعيل

بوومە لەرزە بریتی‌یە لە لەرینەوەیەکی ( اهتزاز ) خێراو بەردەوام لە ماوەیەکی جیاجیاو ( بچڕاو ) دا تووشی توێکڵی زەمین دەبێ لە ئەنجامی جووڵانەوەکانی زەمین ( الحرکات الارضیة ) دا . ئەو جووڵانەوەو چالاکی‌یانەی زەمینیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستی‌یەی کە زەمین بە تەنێك دائەنێ کە لە باری گرژبوونێکی بەردەوامدایە بۆیە بەردی چینەکانی زەمین لە باری جووڵانەوەیەکی زۆر لەسەر خۆو بەردەوامدان بەرەو زەمین واتە بۆ چەقی زەمین .

لە تاقی‌کردنەوە یەکدابینرا کەوا بەردەکانی ناو قووڵایی دەریاو دەریالووشەکان بە خێرایی‌یەکی زۆر بەرەو چەقی زەمین دەجووڵێنەوە کە گەورەترە لەو خێرایی‌یەی کە بەردەکانی کیشوەرەکان دەجووڵێنەوە لە ئەنجامی ئەم جیاوازی‌یە لەو جووڵانەوەیە دا چەند تێکچوون ( اضطرابات ) و لەرینەوەیەکی هەمەجۆر روودەدا ، ئەم لەرینەوانەش توند یان کز دەبن بە جۆرێك کە ئادەمیزاد هەستی پێ‌ناکات بەڵام لەلایەن ئامێرێکی روانگە ( رصد ) ەوە تۆمار دەکرێ .

لەو هۆیانەی کە کاریگەرێکی کەم دەکەنە رووداني بوومەلەرزە گڕکانەکانە ( فولکێنەکان ) ە کە تەقینەوە و هەڵچوونی ئاگر پژێنەکان دەبێتە هۆی لەرینەوەیەك لە ناوچەی دەوروپشتی گڕکانەکان . بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە گشت چالاکی‌یەکانی گڕکانەکان دەبێتە هۆی رووداني بوومە لەرزە .

هۆی دووەم و گرنگترینیان ئەو لێك جیابوونەوەیە یە کە لە توێکڵی زەمین روودەدا لەو شوێنانەدا کە بەرەنگاری پاڵەپەستۆیەکی زۆرو گرژ بوون دەبن ، بەم جۆرە ئەم لێك‌جیابوونەوەیەی توێکڵی زەمینە دەبێتە هۆی بەرەڵلابوونی وزە لەسەر شێوەی شەپۆلی هەمەچەشنەو بوومەلەرزەی لێ پێك دێ .

هەر وەکو پێشتر ووترا بوومەلەرزە توند یان کز دەبێ ، پێوەرێك هەیە بۆ پێوانی توندی بوومەلەرزە دابەش کراوە بۆ (10 ) پلە ، بوومەلەرزەی پلەی یەکەم ئادەمیزاد هەستی پێ‌ناکات و هەروەها هیچ کارێکیش ناکاتە سەر ئەو تەنانەی کە لەسەر زەمین‌دا هەن .

کاریگەری بوومەلەرزە دەست پێ‌دەکا لە پلەکان تا دەگاتە پلەی هەشتەم کاتێك کە خانووبەرەکان دەرزیان تیا ئەکەوێ ، بەڵام لە پلەی دەیەم کە بەرزترین پلەیە دەبێتە هۆی رووخان .

بۆ ئەوەی زیاتر لە بوومەلەرزە بگەین ئامێرێکی (رصد) هەیە کە پێی دەووترێ ( Geomograph ) لە ئەنجامی رووداني ئەو لەرینەوانە هێڵێکی خواروخێچ دەکێشرێ کە بە تۆماری بوومەلەرزە ( سجل الهزات اللارضية ) ناو دەبرێ .

ئەم هێڵەش لە سێ بەش پێك دێ ، بەشی یەکەمی ئەم شەپۆلانە بریتی‌یە لە درێژە شەپۆلەکان کە هێمای پیتی ( P ) ی بۆ دادەنرێ و لە خێراترین شەپۆلەکانە کە ئامێری ( رصد ) تۆماری دەکات . بەشی دووەم بریتی‌یە لە شەپۆلە لاوەکی‌یەکان کە هێمای پیتی ( S ) ی بۆ دادەنرێ ئەمەش لە پانە شەپۆلەکانە لە لەرینەوەی دەنگەکانی بەردەکان پەیدا دەبێ بە ئاراستەی بڵاوبوونی شەپۆلی یەکەم ( درێژە شەپۆلەکان ) وە خێرایی‌یەکەش کەمترە لە خێرایی درێژە شەپۆلەکان .

بەشی سێ‌یەمی شەپۆلەکان پانە شەپۆلەکانە کە بە هێمای ( L ) دیاری دەکرێ . خێرایی ئەم شەپۆلەش لە خێرایی هەموو شەپۆلەکان کەمترە .

لە گۆڤاری ( الجیولوجی ) یەوە
ژمارە ( 4 ) آذاری 1988 ... وەرگێڕدراوە